# پیادەکردنی توندوتیژی پێشێلکردنی یاسا ئاسمانییەکانە



پیاو چی لە ئافرەت دەوێت و بۆچی تووندوتیژە لەگەڵی؟ ئایا شکۆ و پیاوەتی پیاوان لای ئافرەتانە بۆیە پیاوان هێندە دەترسن ئافرەتان پارێزگاری پێوە نەکەن؟ بۆ دەبێت شەرەفی پیاوان خێزان و خوشکەکانیان بێت؟ ئەگەر وایە ئایا شەرەف و کەرامەتی ئافرەتان چیەو کێ بەرپرسە بیانپارێزیت؟ وردبوونەوە لەم پرسیارانە بەرەو ئەو ئاراستەیەمان دەبات، کاتێك بیرکردنەوەی کۆمەڵگە بەو جۆرە بیت، واتە ئافرەت وەك تاك هیچ لەبەرچاوگرتنێکی بۆ نەکراوەو وەك تاکیش لە کۆمەڵگەدا سەیر ناکرێت. بەڵکو وەك ئالەتێك لەناو خیزان و کۆمەڵگە وایەو بۆ پاراستنی شەرەف و کەرامەتی پیاو و خیزان بەکاردەهێنرێت، لەم کۆمەڵگایەنەدا داواکردنی یەکسانی لەنێوان رەگەزی نێرو مێ لە قسەی بێ کردارو مەرەکەبی سەر کاغەز تێناپەڕێت و ئەم مەسەلەیەش بەدەرکردنی یاسایەك و هەموارکردنی یاسایەکی دیکە ریشەکێش ناکرێت،

هەروەها بە لاسایکردنەوەی ئەو کۆمەڵگە رۆژئاواییانەی ئیستا گەیشتوونە قۆناغێك کەزۆر لەپیش ئێمەوەن چارەسەرناکرێت، چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەت یان رێگرتن لە پیادەکردنی توندووتیژی دژی ئافرەتان پێویستی بە هەنگاوگەلێکی تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵ هەیە بە ئافرەتانیشەوە، هەروەها پێویستی بەگرتنەبەری هاریکاری هەمەلایەنەی هەردوو رەگەز هەیە

# ـیژی دژی ئافرەت
# ـان و یاساکانی مافی مرۆڤە



بەوەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای سەربەستی و ڕێزگرتنی مافی تاکەکان ڕیکبخرێتەوەو ئافرەت وەك تاکێکی سەربەخۆ سەیر بکرێت و مافەکانی دیاری بکرێت، نەك ئالەتێك لە نێو چوار دیواردا بەند بکرێت و وەك کۆمپانیایەك بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ و پاراستنی شەرەفی پیاو سەیربکرێت، هەروەها هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ئافرەتان و دابینکردنی سەرچاوەیەکی ئابووری بۆ ئافرەتان ئەمەش بە هاتنە دەرەوەیان لە ماڵ و بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی و حکومڕانی و تەواوی کارو چالاکییەکانی کۆمەڵگە دەبێ،

بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم بابەتە گرنگە،گوڵان ئەم پرسەی لەگەڵ ئەم بەڕێزانە کردەوە :

١- پرۆفیسۆر فاتیمە سەدیقی سەرۆکی ناوەندی ئافرەت و گەشەپێدان لە شانشینی مەغریبی

٢- پرۆفیسۆر هالا ئەفشەر ئوستادی سیاسەت و دیراساتی ئافرەتان لە زانکۆی یۆرك لە بەریتانیا

ئەم دوو ئەکادیمستە کە هەردووکیان لە بواری جەندەر کاردەکەن بیرو بۆچوونەکانیان لە هەموو خاڵەکاندا یەکناگرێتەوە، هەربۆیە ئەگەر بۆچونەکانیان لەگەڵ ڕەوتی گوڵان جیاوازی هەبوو دەربڕی بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانەو گوڵان لیان بەرپرس نیە.■

**پرۆفیسۆر فاتیمە سەدیقی**
**سەرۆکی ناوەندی ئافرەت و گەشەپێدان لە مەغریب بۆ گوڵان:**

# ئازادی و رزگاری بۆ ئافرەت واتە توانای هەڵبژاردن، بەڵام ئەم توانایەش نابێ لە هەموو کاتدا پیاو بمانداتێ





پرۆفیسۆر فاتیمە سەدیقی ئوستادی زمان و دیراساتی ئافرەتە و لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە ئوستادە لە زانکۆی هارڤارد، یەکێکە لە ئافرەتە چالاکگەرەکانی شانشینی مەغریب و دامەزرێنەرو سەرۆکی ناوەندی ئافرەت و گەشەپێدانیشە لە شانشینی مەغریب و سەرنووسەری گۆڤاری رەگەز و زمانە Gender and language.

خاوەنی چوار زەماڵەی فولیرایتە و تا ئێستا ٦ کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لەسەر زمان و رەگەز گرێداوە ئێستاش کۆمەڵێك پرۆژەی لەسەر ئاستی شانشینی مەغریبی و نێودەوڵەتی لەسەر رەگەز بەدەستەوەیە .

پرۆفیسۆر فاتیمە سەدیقی لەسەر ئاستی شانشینی مەغریب و جیهان بۆ ئەم پۆستانە دەستنیشانکراوە:

- لە مارتی ٢٠٠٦ لەلایەن شا محەمەدی شەشەمی پادشای مەغریبەوە، وەك یانزەهەمین ئەندامی بۆردی ئامۆژگای پادشایەتی بۆ کەلتوری ئەمازیغی دەستنیشانکراوە.

- لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ لەلایەن سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان وەك یەکێك لە هەشت ئەندامە ئافرەتەکەی لیژنەی گەشەپێدانی سیاسی لە نەتەوەیەکگرتووەکان دیاری کراوە.

- لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٧ بۆ بەڕێوەبەری کەلتووری ئەمازیغی دەستنیشانکراوە

- هەمان مانگ کراوە بە بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوی ئیسپرتی دی فاس.

- لە بواری کاری فێمینزم و ئافرت خاتوو فاتمە چەندین کتێبی نووسیوە لەوانە:

-١ رەگەزی ئافرەت و زمان لە مەغریب
-٢ ئافرەتانی وڵاتانی سەر دەریای سپی ناوەراست و مافەکانیان
-٣ وێنەی ئافرەت لە شیعرەکانی عەبدوڵلا باشراحیل دا
-٤ رەگەز و زمان لە جیهانی عەرەبیدا
-٥ فێمینزم لە وڵاتانی سەر دەریای سپی ناوەڕاست
-٦ بزاڤی فێمینزم: رۆژهەڵات و رەسەنایەتی

ئەمە بێجگە لە سەدان وتار کە لە رۆژنامە عەرەبی و جیهانییەکاندا بڵاوی کرۆدتەوە.

بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئافرەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق و کوردستان بەتایبەتی گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر فاتیمە سەدیقی کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:



**کێشەی ئافرەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفەریقیا یەکسانی نییە، بەڵکو کێشەی تاك و خێزانە**

*** کە باسی کێشەی ئافرەت بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین، یەکسەر کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەکسانی لە نێوان هەردوو رەگەزی نێرومێ یان ژن و پیاو، نەبوونی ئەم یەکسانییەش دەکەینە پاسا و بۆ پێشنەکەوتنی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان، هەر بۆیە بەردەوام بە دوای ئەو پرسیارەدا وێڵین چۆن دەتوانرێت یەکسانی لە نێوان هەردوو رەگەزی نێرومێ دروستبکرێت؟**

**لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا خاتوو فاتیمە سەدیقی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

- (لەم حاڵەتەدا، یەکسانی مەسەلەیەك نییە، بەڵکو کێشەکە ئەو کەلتوورەیە کە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقیای پێکهێناوە، بنەمای کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقیا لەسەر چەمکی (خود) یان خودی تاك) دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای خێزان و کۆمەڵگە پێکهاتووە و تاکەکان کۆکراونەتەوە، هەر بۆیە لەم جۆرە کۆمەڵگایانە ناتوانیت ئافرەت وەك تاك باس بکەیت(لەبەر ئەوەی تاك بوونی نییە)، لەو کۆمەڵگایانەدا، ئافرەت بۆی دیاریکراوە کە دژی رەگەزی بەرامبەر بێت کە پیاوە.

لێرەدا ئەگەر باسی بزاڤی فێمینزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، دەبینین پیاوان ئەم بزاڤە بەرێوەدەبەن بۆ بەرژەوەندی ئافرەت، بەڵام لە رۆژئاوا دەبینین ئەم بزاڤە لە ناو کۆمەڵگا بەدەستی ئافرەت سەریان هەڵداوە و خەبات دەکەن.

لە نێوان ئەم دوو جۆرە بزاڤە لەگەڵ دوو سیستەمی جیاوازی کۆمەڵایەتی روو بەروو دەبینەوە،

لە بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقیا جیاوازی لەسەر بنەمای رەگەزی ئافرەت و پیاو لە چەند بوارێکدایە، وەك،

(ناو ماڵ، مزگەوت، جل و بەرگ لە بەرکردن)،لەم شوێنانە ژن و پیاو جیادەکرێتەوە، واتە بەپێی تایبەتمەندی رەگەزەکە بۆ جۆری جل یان بۆ تایبەتمەندی شوێنەکە، ماڵ سیمای ئافرەتە و مزگەوت سیمای پیاوە).

بەڵام لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا پێداویستییەکانی ئافرەت لەبەرچاو دەگیرێت بەر لەوەی چاوەڕێی ئەوە بکرێت رەگەزی بەرامبەر کە پیاوە بۆی بەدی بهێنێت.

**ئازادی ئافرەت لە وڵاتانی رۆژئاوا دەگەڕێتەوە بۆ بنەما ئابوورییەکان**

دەربارەی ئازادیی ئافرەت لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا، پرۆفیسۆر فاتیمە سدیقی گوتی: ئازادبوونی ئافرەت لە دەوڵەتانی رۆژئاوا بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ سامانی ئابووری وڵاتەکانیان، لە وڵاتانی رۆژئاوادا ئافرەتیش هەر لە کۆنترۆڵی کۆمپانیا فرە رەگەزەکاندایە، هەربۆیە ئەم مەسەلەیە کارەکەی ئاسان کردووە کە ئافرەت ئاسانتر بتوانێت دژی بارودۆخەکە یاخی بێت، نەك کۆمەڵگەیەك کە خۆی وێنەیەکە لە پیاوسالاری و رەگەزی بەرامبەر تیایدا باڵادەستە.

*** لەم چوارچێوەیەدا کە بۆچوونەکان لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ئافرەت چڕ دەبنەوە، مەسەلەی یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت بە تەنیا نابێتە ئازادکردنی ئافرەتی رۆژهەڵات دەربارەی ئەم پرسە، پرۆفیسۆر فاتمە دەڵێت:**

- من لەو بڕوایەدانیم لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، بە تەنیا مەسەلەی یەکسان بتوانێت ببێتە گەرەنتی بۆ ئافرەتان دەنگی لەگەڵ پیاودا یەکسانی بێت،

ئەگەر زۆربەی زۆری ئافرەتانی بەشێکی ئەم جیهانە پێویستییان بە خوێندن و کارکردن بێت، لەبەرامبەردا دەنگی ئافرەتە رۆشنبیرەکان بۆ درێژەدانە بەم شەڕە لە پێناوی بەدەستێهنانی کەرامەت لە چوارچێوەیەکی گشتیدا.

هەربۆیە گرنگترین شت لێرەدا ئەوەیە، ئەو ئامرازانەی کە بەکار دەهێنرێت، بۆ دانپێدانانی، کەرامەتی ئافرەت و بەدەستهێنانی سەرجەم بەرەو پێشەوەچوونەکانی دەبێ لە ناو کەلتووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەیان گرتبێت، نەك ئامرازێك بێت کە لە رۆژئاوا وەرمان گرتبێت،

رۆژئاوا پشتی بە سەر چاوەی کەلتوور و سەرچاوەی مرۆیی خۆی بەستووە نەك ئێمە، ئەمە نابێتە رێگر لە بەردەم گۆڕینەوەی بۆ چوونەکان لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا من بەشێوەیەکی سەرتاپاگیر پشتگیری هەموو رەگەزەکان و کەرامەتی هەر تاکێکی خێزان دەکەم (پیاو، ئافرەت، منداڵان) لەم قۆناغەدا.



*** بیانووی شەرەف پارێزی، هۆکارێکی دیکەیە بۆ کوشتنی ئافرەتان، لەم چوارچێوەیەدا کە ئافرەت دەبێتە شەرەفی پیاو،ئەوا سەپێنراوە بەسەریدا کە دەبێت ئەو شەرەفەی پیاو بپارێزێت، ئەو پرسیارەی لێرەدا دەوروژێت چۆن دەتوانرێت ئەم دیاردەیە سنوور داربکرێت؟**

**لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا، خاتوو فاتیمە گوتی:**

- جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە کە ئەم حاڵەتەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی کەلتوور لە کۆمەڵگادا.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، پێویستیمان بەوەیە لەو ڕاستییە تێبگەین، بۆ نموونە (پاکیزەیی کچان) پاراستنی تەنیا ئەرکی سەرشانی کچەکان نیە، بەڵکو ئەمە کاری هەموو خێزانە، شەرەف لە کەلتووری ئێمە (ڕوویەکی گشتی ) هەیە، بنەمای ئەم کەلتوورە بەو جۆرەیە:

- ئەو ئافرەتەی لەکەدار دەبێت، شەرەفی دەدۆڕێنێت ئەگەر کەس نەزانێت ئەوە بەشێوەیەکی گشتی نابێتە هەڕەشە بۆ سەرگیانی ئافرەتەکە، گرنگترین شت ئەوەیە کە خەڵکی دیکە نەبیستن و نەزانن، هەر ئەمەشە( واتە زانینی خەڵك) دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئافرەتەکە ببێتە قوربانی.

- دەبێت ئەم حاڵەتە دەستپێك بێت بۆ ئەوەی هەوڵبدەین چارەسەرێك بدۆزینەوەو لەم ڕاستییە تێبگەین، کە شەرەف هەر ئەوە نییە ئەو دیاردە سەخیفە بینین کە (پاکیزەی کچان)ە.

دەربارەی ئەوەی ئەم دیاردەیە تا چەند پەیوەندی بە لایەنەکانی دیکەوە هەیە وچۆن چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، خاتوو فاتیمە گوتی:

- من پێموایە دەبێت بۆ نەهێشتنی ئەم حەساسیەتە لە خێزان و کۆمەڵگە ناوخۆییەکانەوە دەست پێ بکرێت، لەم حاڵەتەدا سیستەمی حوکمڕانی تەنیا کاردانەوەی واقیعە کۆمەڵایەتییەکەیە.

*** هەرێمی کوردستان کە ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە ئەزموونێکی دیموکراتی پیادە دەکات سیستەمە حوکمڕانییەکەی دژایەتی توندوتیژی دژی ئافرەت بە یەکێك لە بەرنامەکانی خۆی دەزانێت، لەم پێناوەشدا چەندین یاسای تازەی دەرکردووە و چەندین یاسای کۆنیشی هەموار کردووە، بەڵام هەتا ئێستاش ناتوانین بڵێین کە ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا بنبڕ بووە، سەبارەت بەم پرسە پرۆفیسۆر فاتیمە سدیقی بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو:**

- من وا هەست دەکەم لە کوردستانیش وەك کۆمەڵگاکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا سێ دەسەڵاتی گشتی هەیە کە دەتوانن لەم پرسەدا کاریگەریان هەبێت،ئەوانیش

-١ پیاوانی ئایینی و زانایانی ئایینی

ئەم توێژەی پیاوانی ئایینی کاریگەرییەکی ئاڵۆزیان لەسەر دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسیش هەیە، هەربۆیە هەندێك لەو فەتوایانەی دەیدەن ئافرەت و پیاویش دەچەوسێننەوە.

-٢ پیاوانی دیموکراتخواز:

گەلێك جار پیاوانی دیموکراتخواز پشتگیری مەسەلەکانی ئافرەت و منداڵان دەکەن، ئەم شێوازە زۆر هاریکار و یارمەتیدەر بووە بۆ مەسەلەی ئافرەتان، بەڵام پیاوانیش هەموو کات پشتگیری ئافرەت وەك ئافرەت ناکەن، بەڵکو ئەم پشتگیرییە وەك بەشێك لە شەڕی کۆنەپەرستی دەکەن، پیاوانی دیموکراتخواز خوێندن و ڕۆشنبیری ئافرەت وەك بەشێك لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و پێشکەوتوو سەیر دەکەن.

-٣ خودی ئافرەت:

بێگومان ئافرەتان لەم مەسەلەیەدا هەموویان وەکو یەك نین و جیاوازن، ئەم جیاوازییەش پەیوەستە بە چەند فاکتەرێك لەوانە: (ئەو پێگە جوگرافییەی کە تیایدا دەژی، ئافرەتەکە سەر بە چ چینێکە، ئاستی خوێندن، ژیانی پیشەیی، هۆشیاری و زمان و باری هاوسەرگیری ) هەموو ئەمانە ڕۆڵی سەرەکی لە خەباتی ئافرەتاندا دەگێڕێت.

هەربۆیە دەبینین کۆمەڵگەی ئافرەتان هەمە جۆرەن، هەر بۆ نموونە بزاڤی فێمنیست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیا تەنیا لە ناوچە شارنشینەکان لە نێو ئەو ئافرەتانەی لە چینی ناوەند و سەروترن و خوێندەوارن دەردەکەوێ، هەر بۆیەش ئەمڕۆ وای لێهاتووە بۆ ئەوەی ئافرەت

**لە هەرێمی کوردستاندا پێویستە بە ٣ شێواز کاربۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان بکرێت**

**کەمی بەشداری ئافرەت لە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان و عێراق پەیوەندی بە حکوومەتەکانیشەوە هەیە**



**بە تەنیا یەکسانی کێشەی ئافرەتی رۆژهەڵات چارەسەر ناکات**

دەنگی هەبێت، خوێندەواری بۆتە بەشێکی سەرەکی.

*** پێش رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، هەرێمی کوردستانی عێراق وەك دەسەڵاتێکی سیاسی بڕوای بە بەشداری ئافرەت هەبووە لە دەسەڵاتی سیاسی و هەروەها لە حوکمڕانیشدا و بەدرێژای تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەردەوام چەند پۆستێکی وەزاری دراوە بە ئافرەت، بەڵام ڕێژەکە لە چاو ریژەی بەشداری پیاو لەو ئاستەدا نەبووە، لە دەستووری تازەی عێراقیشدا ریژەیەك بۆ بەشداری ئافرەت لە دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی دانراوە بەوەی دەبێت لە ڕێژەی ٪٢٥ کەمتر نەبێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئافرەت نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کە بتوانێت بە ڕێژەیەکی زیاتر بەشداری بکات؟ یان سیستەمی حوکمڕانی هەر هێندە بواری پێداوە؟**

**لە وەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵاندا خاتوو فاتیمە بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن:**

- من پێموایە ئەم مەسەلەیە، کەمی بەشداری ئافرەت لەدەسەڵات دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو هۆکارەکە( هۆشیاری ئافرەت و سیستەمی حوکمڕانی ) لەبەر ئەوەی کاتێك ئافرەت لە ناو دەسەڵاتی سیاسی بێت یان لە دەرەوەی ماڵەکەی کار بۆ پێشخستنی وڵاتەکەی بکات زیاتر هۆشیار دەبێت و کاریگەرتر دەبێت بۆ بەشداریکردن لە زیادکردنی داهاتی خێزانەکەشی، بێگومان ئەمەش دەکەوێتە سەر بیرکردنەوەی پیاوانی دیموکراتخواز و ناوەندەکانی دەسەڵات لەو حکومەتدا کە بگەنە ئەو قەناعەتەی پێشخستنی وڵات پێویستی بە توانای ئافرەت هەیە.

سەبارەت بەو ریژەیەش کە بۆ بەشداری ئافرەت لە دەستووری عێراقدا دانراوە، بە بڕوای من ئەوە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، من لەلایەنێکەوە پشتگیری دەکەم، وەك دەسپێکێك بۆ بەشداری ئافرەت، ئەمەش لەو روانگەیەوە ئافرەت پێویستی بەو پشتگیرییە هەیە لەلایەن پیاوانی دیموکراتخوازەوە، بە لە بەرچاوگرتنی ئەو شێوازە کەلتوورییەی کە لەسەری راهاتووین، بەڵام نابێت ئەم ریژەیە بۆ هەتا هەتایە هەروا بمێنێتەوە و، دەبێ رەنگدانەوەی ریژەی ئافرەتان لە ناو پەرلەماندا لانی کەم رەنگدانەوەی راستییەکان بێت.

من لە یەکێك لە توێژینەوەکانمدا کە چەند ساڵێك پێش ئێستا نووسیومە، ئەو ئافرەتانەی کە هەڵبژێردراون بۆ پەرلەمان پێیان راگەیاندم کە زۆربەی پشتگیرییەکان بۆ ئەو ئافرەتانەی هەڵبژێردراون بۆ پەرلەمان، پیاوەکان بوونە، من لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتمە ئەو راستییەی کە پێویستە ئافرەت متمانەی بە خۆی هەبێت وەك ئافرەت، بۆ ئەوەی ئافرەتانی دیکەش متمانەیان پێ بکەن، من وابیر دەکەمەوە کە پێویستە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە پشتگیری ئافرەت بکات بۆ ئەوەی متمانەی بۆ دروست بێت، ئافرەتان هەندێك جار دەڵێن هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی بەشداری بکەین بەڵام بەهۆی ئەو کۆمەڵگەی تیایدا دەژین ریگریان بۆ دروست دەبیت، ئافرەت لە ناو خێزاندا ئیرادەی هەیە بەڵام ئەم ئیرادەیە نابێتە دەسەڵات لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی خێزان گەمارۆی ئەم دەسەڵاتە بەشێوەیەکی فراوان پیادە دەکرێت.

*** لەو کۆمەڵگایانەی کە ئافرەت وەك تاك سەیر ناکرێت و لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگەدا پۆلێن دەکرێت، پێویستی بە پشتگیری پیاوە بۆ ئەوی ئازادی بەدەست بهێنێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئافرەت بێ پشتگیری پیاوانی دیموکراتخواز دەتوانێت ئازادی بەدەست بهێنێت؟**

**لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا پرۆفیسۆر فاتیمە گوتی:**

- من وامەزندە دەکەم کە پێویستە لەسەرمان وا سەیری وشەی (ئازادی) و (رزگاریخوازی) نەکەین کە ئەم وشانە لە کۆمەڵگاکانی ئێمەشدا هەمان ئەو مانایەیان هەیە کە لە کۆمەڵگەی رۆژئاوادا هەیانە، لای من ئازادی و رزگاری واتە توانای هەڵبژاردن، بەڵام ئەم توانایەش نابێ لە هەموو شتێکدا پیاو بمداتێت، بەڵکو دەبێت کاری بۆ بکەم، زۆر جار من ماندووبوونی زۆرم لە پێناودا کێشاوە، بێگومان بەردەوامیش پێویستیم بە هاریکاری پیاوە، بەڵام دیسان پیاو دەبێت ئەو پشتگیرییەم بکات کە من دەمەوێت و لەو کاتەی پێویستم پێیەتی.

سەبارەت بە پشتگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بۆ ئازادی ئافرەت پرۆفیسۆر سەدیقی گوتی: (من وا بیر ناکەمەوە ئافرەت هەر چییەك لەم بەشەی جیهان(رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا) بەدەست بێنێت دیاری رۆژئاوا بێت، یارمەتیدانی رۆژئاواش دەبێت وەك یارمەتیدانی پیاو وابێت، من پێویستیم بەو یارمەتییانە هەیە، بەڵام تەنیا لەو کاتانە بە کاری دەهێنم کە هەست بکەم پێویستیم پێیەتی، هەروەها هاوکارییان دەکەم ئەگەر زانیم پێویستییان بە هاریکاری من هەیە، هەربۆیە یەکسانی نێوان پیاو ئافرەت و نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا تەنیا خەونێك دەبێت، ئەگەر هەردوولا هەمان مافی هەڵبژاردنیان نەبێت.


لە هەردوو حاڵەتەکەدا یەکسانی ئەو مەسەلەیە کە دەبێت هەوڵی بۆ بدەین، هەروەها دەبێت ئەو هێزە هاریکارییەی لەلایەکەوە دەدرێت، بۆ لایەکەی دیکە سوودمەندبێت، بێگومان ئەوەش زۆر ئاڵۆزە، هەروەها دەبێت ئافرەت بگاتە قەناعەت کە توانایەکی گەورەی هەیە و دەبێ ئەم توانایەش لە کات و شوێنی گونجاوی خۆیدا بەکاری بێنێت.



**پرۆفیسۆر هالا ئەفشەر لە زانکۆی یۆرک لە بەریتانیا بۆ گوڵان:**

# بۆ ئەوەی ئەزموونی حکومەتی کوردستان سەرکەوتووبێت دەبێت زیاتر رێز لە مافەکانی ئافرەت بگیرێت

■ پرۆفیسۆر هالا ئەفشەر ئوستادی سیاسەت و دیراساتی ئافرەتانە لە زانکۆی یۆرك لە بەریتانیا، هەروەها پرۆفیسۆری فەخریشە لە یاسای ئیسلامی و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی ستراسبۆرگ.
هالا ئەفشەر بەرەگەز ئێرانییەو رۆژنامەنووس بووەو یەکێك بووە لە چالاکگەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ماوەی حەوت ساڵ وەك جێگری سەرۆك لیژنەی رەگەز Gender لە بەریتانیا کاریکردووە، ئێستاش بەردەوام لەگەڵ بەرپرسی گروپی گەشەپێدانی باری ئافرەت کاردەکات، پرۆفیسۆر هالا ئەفشەر ئێستا وەك چالاکگەرێك لە ئەوروپا داکۆکی لە مافی ئافرەتان بە گشتی و مافی ئافرەتان ئێران بەتایبەتی دەکات.
بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی ئافرەت لە رۆژهەڵات و کوردستان گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر ئەفشەر کردو بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە: ■



**لە رۆژئاواش بە درێژایی دەیان سەدە یەکسانی لە نێوان پیاو و ئافرەتدا نەبووە**

**کوشتن بە بیانووی ناموسپارێزی لە ئاییندا نیەو رەفتارێکی بەربەریانەیە**

**ئافرەت پێویستی بە هاریکاری پیاوە بۆ ئازادبوونی لە توندوتیژی**

* بزاڤە فێمنیستەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەسەلەی یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت بە هەنگاوی یەکەمی ئازادبوونی ئافرەت دەزانن هەروەها رەوشی ئێستای ئافرەتانی رۆژهەڵات بە ئافرەتانی رۆژئاوا بەراورد دەکەن، بە بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەو راستییەی کە ئافرەتانی رۆژئاواش دوای سەدان ساڵ هەوڵدان ئینجا گەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی کە ئەمڕۆ پێیگەیشتوون، سەبارەت بەڕەوشی ئێستای بزاڤی ئافرەتان و مەسەلەی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرۆفیسۆ هالا ئەفشەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

- بەڕاستی من لەو مەسەلەیە سەرم سوڕماوە، کۆمەڵگاکان بە دەیان سەدە لە ناو نایەکسانیدا ماونەتەوەو هەتا ئێستاش لە رۆژئاواش جیاوازی رەگەزی بەردەوامە، بەڵام بێگومان ئەگەر هەموو توانای مرۆیی ئافرەت هاوشانی پیاو بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان بەکاربهێنرێت، ئەوا دەبێتە یارمەتیدەرێکی گەورە بۆ پرۆسەی گەشەپێدان و بەرەو پێشەوە بردنی وڵات.

دیاردەی کوشتنی ئافرەت بە بیانووی ناموسپارێزی یان کڕینەوەی شەرەف لەگەڵ ئەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان و کۆمەڵگا ئیسلامییەکانە، بەڵام لە ئایندا رێگەی پێنەدراوە، ساڵانە بە سەدان ئافرەت بەم بیانووە دەکوژرێت و دەکرێتە قوربانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئەوەی چەندین یاسای بۆ سنووردارکردنی ئەم دیاردەیە دەرکردووەو چەندین یاسای دیکەشی هەموار کردووە، بەڵام هێشتا ناتوانین بڵێین ئەم دیاردەیە بە تەواوەتی بنبڕکراوە، سەبارەت بەوەی ئایا ئەم دیاردەیە چۆن سنووردار دەکرێت؟ پرۆفیسۆ هالا ئەفشەر بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی:

- کوشتن لەسەر ناموسپارێزی کە لە هەندێك وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی سەر دەریای سپی ناوەڕاست بۆتە دیاردە، لە ئاییندا رێگەی پێنەدراوە، بەڵکو ئەمە رەفتارێکی بەربەرییانەی وەحشیەتگەرییە دژی سەرجەم مافەکانی مرۆڤ پیادە دەکرێت، هەر بۆیە پێویستە لەسەر ئەو دەوڵەتانەی کە ئیمزایان لەسەر رێککەوتنامەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کردووە، رێگە لەم دیاردەیە بگرن

* سەبارەت بە کاریگەری سیستەمە حوکمڕانەکانیش لەسەر زیادبوونی دیاردەی توندوتیژی بەتایبەتی کە هەندێك لە چاودێران دەیگێڕنەوە بۆ حکومەتەکان، پرۆفیسۆر هالا ئەفشەر گووتی:-

- کارێکی زۆر ئاساییە کە سەرکۆنەی سیستەمە دیکتاتۆرو بیۆکراسیەکان بکرێت، بۆیە زۆر گرنگە هەوڵبدرێت تەحدای ئەم رژێمانە بکرێت بۆ ئەوەی بارودۆخی ئافرەتان باشتربێت، بە پێی ئەزموونی خۆم هەر دەوڵەتێك شێوازێکی هەیە بۆ دانووستان کردن و پێویستە شێوازی گونجاو بگرینە بەر بۆ گۆڕینی ئەو سیستمانەی کە دژی بەرژەوەندی ئافرەتان توندوتیژی پیادەدەکەن .

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی دیموکراستی سەرکەوتوو پیادەکات، ئەم ئەزموونە لەگەڵ ئەوەی پابەندە بە بنەماکانی دیموکراسی و رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤە، لە هەمانکاتدا پابەندە بە رێزگرتنی مافی ئافرەتان، بەڵام وێڕای ئەم هەوڵانە دەبینین کە تارادەیەك هەست دەکرێت توندوتیژی دژی ئافرەتان هەرماوە، دەربارەی ئەم پرسە پرۆفیسۆر هالا گوتی:

من وا هەست دەکەم پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر پابەند بێت بە یاساکانی مافی مرۆڤ بۆ ئەوەی ئەزموونە دیموکراسیەکەی فەشەل نەهێنێت، پێویستە ئافرەت و پیاو بەو ئاراستە رێکبخرێن کە دژی دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەتان هاریکاری بکەن، داوای یارمەتی لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بکەن وەك رێکخراوی لێبووردن بۆ پاراستنی ئافرەتان.

سەبارەت بە بەشداری ئافرەتانی کوردستانیش لە حکومەتدا، کە تا ئێستاش رێژەیان دیاریکراوە پرۆفیسۆر هالا ئەفشەر گوتی:

لە هەموو دەوڵەتانی جیهاندا رێژەی بەشداری ئافرەت لە پرۆسەی سیاسیدا دیاریکراوە، ئەوەی پێویستە لەم مەسەلەیەدا بکرێت بۆ ئەوەی ئەم رێژەیە زیاتربکرێت، بە بڕوای من ئەوەیە هانی ئافرەتە چالاکەکان بدرێت، هەروەها ئەو رێکخراوانەی دەتوانن لەم مەسەلەیەدا رۆڵی کاریگەر بگێڕن بۆ ئەوەی وا بکەن ئافرەت ببێتە بەشێکی سەرەکی پرۆسەکە

بە پێی دەستووری هەمیشەیی عێراق رێژەی ٪٢٥ وەك لانی کەمی بەشداری ئافرەت لە پرۆسەی سیاسیدا دیاریکراوە، ئەم هەنگاوە لە لایەن ئافرەتە چالاکەکانی عێراق و کوردستانەوە رەخنەیەکی توندی لێدەگیرێت و بەرێژەیەکی کەمی دەزانن، لە باری واقعیشدا ئەم رێژەیە رەنگدانەوەی باری ئافرەت نیە لە کۆمەڵگادا، سەبارەت بەم رێژەیە پرۆفیسۆر ئەفشەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:-

- جیاکردنەوەی بەش بۆ ئافرەتان بێگومان هەنگاوێکە بەرەوپێشەو، یان دەتوانین بڵێین تەنیا رێگەیە بۆ ئەوەی ئافرەت بگاتە پەرلەمان، لە بەریتانیا ئافرەتە کاندیدکراوەکان دیاری دەکرێن ئەوجا هەڵدەبژێردرێن، لە سیستەمی پاشایاتی هیندستانیش بەشی ئافرەتان بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی، بۆ ئافرەتانی ناوچە دوورەکان دیاری دەکرێت، بۆیە ئەمە چەمکێکی باشە.

پرسی ئافرەتان، پرسی سەرتاسەری کۆمەڵگایە، هەربۆیەش پێویستە تاکەکانی نێو کۆمەڵگا زیاتر پشتگیری لە مافەکانی ئافرەت بکەن، هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەتوانێت بە رێگەی رێکخراوەکانیەوە زیاتر پشتگیری و داکۆکی لە مافەکانی ئافرتان بکات بۆ ئەوەی رۆڵێکی کاریگەریان لە کۆمەڵگەدا هەبێت، سەبارەت بەم پرسە خاتوو هالە بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو:

من وای دەبینم پیاوانێکی زۆر پشتگیری لە ئافرەتان دەکەن، کاتێك ئەم هەریکارییە رێکدەخەین ئەوا زۆر نزیکە سەربکەوین، سەبارەت بەڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش، پێموایە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاریکاریەکی زۆر گەورەی ئافرەتانیان کردووە بە رێگای بەرگری لێکردنیان لە نا دادپەروەری، بەڵام سەبارەت بەوەی چۆن دەتوانین توانای ئافرەت بە ئاراستەی ٪٥٠ وەك پیاو بخەینەگەڕ لە کۆمەڵگەدا من پێموایە ئەمەیان کارێکی زۆر قورسە.

### کوڕان دەیڵێنەوەو کچانیش حەز لە بیستنی ناکەن

# خۆشـــم دەوێـــی ....

## بەڵام ناتوانم بتکەم بە هاوسەرم



**هیچ کاتێک ئامادە نیم پەیوەندی خۆشەویستی ببەستم گەر نەبێتە قۆناغێک بۆ چوونە نێو ژیانی هاوسەری**

**خۆشەویستی و پرۆسەی هاوسەرگیری وەک دوو رووی یەک دراو وان،ناکرێ لێکیان جیا بکەینەوە**



سالآنێکە دەیناسم ئەو لەکاتی خوێندنی زانکۆدا کچێکی شۆخ و شەنگ و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بوو، لەو کچانە بوو گاڵتەی بە خۆشەویستی و پەیوەندی لەو جۆرە دهات، بەڵام لەدوا ساڵی خوێندنی کۆلیژدا داوی کەوتە داوی خۆشەویستی کوڕێکی دەوڵەمەند، ئەوان سالآنێك بەیەکەوە بوون خۆیان بەدوو بەختەوەرترین عاشقی دونیا دەزانی، کەچی زۆری پێنەچوو پاش ئەوەی کار گەیشتە کاری رەسمیات و ژن هێنان ناکۆکی کەوتە نێوانیان و پەیوەندی ئەوانیش وەك هەزاران پەیوەندی خۆشەویستی دیکەی ئەم وڵاتە دەرئەنجام بەرەو گۆڕستانی خۆشەویستی رەوانەکرا.

ماوەیەك پێش ئێستا لەیەکێك لە فەرمانگەکان(هۆزان)م بینییەوە بەڵام نەك ئەو هۆزانەی لەکۆلێژ دەمناسی، ئەو سەروسیمای تەواو تێکچووبوو وێڕای ئەوەش نەبرەی خەم و نائومێدی بەدەنگییەوە دیار بوو، قەیرەیی تاوی بۆ هێنابوو لێی پرسیم ئەرێ پیاوان هەمووی وا بێ وەفاو بێ بەڵێنن؟

ئەو گوتی: ئەو کوڕەی هەموو جوانی و گەنجێتی خۆم پێبەخشی کەچی کاتێ کار گەیشتە ئەوەی داوام لێکرد کەوادەکەی خۆی بێنێتەدی و بمخوازێ، ئەو زۆر بێشەرمانە پێی گوتم: راستە من تۆم خۆش دەوێ،بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان خۆشەویستی و هاوسەرگیریدا،مەرج نییە کۆتایی هەموو خۆشەویستییەك ژیانی هاوسەری لێبکەوێتەوە!!

خۆشم دەوێی....بەڵام ناتوانم بتکەم بە هاوسەرم، دەستەواژەیەکە زۆر لە کوڕان دەیلێنەوە بەڵام کچان حەز لەبیستنی ناکەن، بێگومان چەمك و تێگەیشتنی تاکەکان بۆ خۆشەویستی وەك پەیوەندییەکی رۆحی کەدوو رەگەزی جیا بەیەکەوە گرێدەدا، جیاوازە، هەمانە هێندە بە پیرۆزی سەیری دەکا تەنیا وەك پرۆسەیەکی رووت هەڵیدەسەنگێنێ و پێی وایە نابێ لەقاڵب بدرێ و لە چوار چێوەی پرۆسەی بەهاوسەر بووندا بمرێندرێ، هەشمانە بە فورسەتێکی گرنگی هەژمار دەکا بۆ دەستنیشان کردنی هاوسەری ژیانی،هەشە بۆ مەرام و مەغزای تایبەتی !! لێرەدا دەمانەوێ بزانین ئاخۆ گەنجی ئەو رۆژگارە چۆن لە پرۆسەی خۆشەویستی دەڕوانن ئایا گرێدان یان جیاکاری لەنێوان خۆشەویستی و پرۆسەی هاوسەرگیری دا دەکەن؟بۆچی هەندێ لە کوڕان ئامادەنین ئەو کچانەی خۆشیان دەوێن بیانکەن بەهاوسەری خۆیان؟ ئەی رای کچان چییە؟

- (شلێر کانەبی)قوتابی کۆلێژ پێی وایە، ناکرێ بەشێوەیەکی رەها ئەو پرسە هەڵبسەنگێندرێت ئەو گوتی: چۆن ئێستا کەسانێك هەن بازرگانی بە خۆشەویستی دەکەن،یان بۆ مەرامی سێکس و شتی دیکە کەسی بەرانبەر هەڵدەخەڵەتێنن، ئەوا لە رابردووشدا هەمان شت کراوە، خۆ ئەگەر (٢٠) ساڵ بەر لە ئێستا مۆبایل و ئینتەرنێت هەبووایە هەمدیس رادەی فرتوفێڵ و رابواردن وەك ئێستا دەبوو، هەر بەڕای (شلێر) خۆشەویستی و پرۆسەی هاوسەرگیری وەك دوو رووی یەك دراو وان ناکرێ لێکیان جیا بکەینەوە بۆیە دەڵێ: پێویستە مەبەست لە خۆشەویستی زواج بێ نەك شتێکی دیکە.

- (کوێستان خدر)ی فەرمانبەریش دەڵێت: ئەگەر پەیوەندی خۆشەویستی بە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری کۆتایی پێنەیەت کەواتە لە ئەساسدا ئەوە خۆشەویستی نەبووە،بەڵکو خۆهەڵخەڵتاندن و کات بەسەر بردن بووە، هەروەها گوتی: لە هیچ بارودۆخێکدا ئامادە نیم پەیوەندی لەگەڵ کوڕێك ببەستم کەئەو پەیوەندییە نەکاتە قۆناغێك بۆ بەهاوسەربوونمان (کوێستان) هەر لە درێژەی قسەکانیدا ئەوەشی گوت: من گاڵتەم بەو قسەیە دێت کاتێك کوڕێك بە کچێك دەڵێ خۆشم دەوێی بەڵام ناتوانم بتخوازم، بەڕامن ئەو کچانەی بەو قسانەش هەڵدەخەڵتێن کچی ساویلکەو نەفامن و رێگەی راستیان ون کردووە.

- بە بۆچوونی خاتوو(ناهیدە رەزا)ی مامۆستای ئامادەییش زۆربەی کچان بێ بیرکردنەوە لە ئەنجام و دوا وێستگەی خۆشەویستی،حەز لە مومارەسەکردنی دەکەن بە تایبەت ئەو کاتەی دەگەنە شاسواری خەونەکانیان یان کوڕێك کە سەرنجیان رابکێشێ، مامۆستا (ناهیدە) باسی لەوەش کرد مومارەسەکردنی خۆشەویستی بەدەر لە ئەنجام و کۆتاییەکەی وەك پرۆسەیەك شتێکی پێویستە بۆ مرۆڤ جا کوڕبێ یان کچ،هەروەها گوتیشی: ئەگەر هاتوو پەیوەندییەکە بووە هۆکارێك بۆ هاوسەرێتی ئەوا باشتر و سوود بەخشترە، بەڵام هەرچۆنێك بێ و لەهەر زەمەن و بارودۆخێك کچان خۆشەویستی خۆیان هەر دەکەن، کاتێکیش دەڵێن بێ وادەی






هاوسەرگیری ناچینە ناو پەیوەندی خۆشەویستییەوە راست ناکەن.
- خاتوو(سەراب قادر)ی فەرمانبەر لە یەك لە کۆمپانیاکان، بۆ چوونی وایە زۆرێك لە پەیوەندییەکانی ئەم رۆژگارە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراون، سروشتی سێکس و کات بەسەربردن، بەسەریاندا زاڵە(سەرب) گوتیشی: من دەستە خوشکم هەیە دەزانێ کورە نایخوازێ و کورەکەش روون و ئاشکرا ئەوەی پێ گوتووە، کەچی هەر بەردەوامە لەگەڵی و ناتوانێ دەستبەرداری ببێ،بەڕاستی لەو حاڵەتەدا کچان خۆیان گوناهبارن هەرچییەك رووبدا دەبێ خۆیان تەحەمولی بکەن و تاکە زەرەرمەندیش هەر ئەوانن،بەڵێ سەرباری ئەوەی کوڕان بەکچان دەڵێن (خۆشم دەوێی بەڵام ناتوانم بتخوازم) کەچی ئەوان رازین بەو قسەیەو بەردەوامن لە گەڵیاندا.
- (جیاوازی زۆرە لەنێوان ئەوەی تۆ کچێکت لە پێناوی خۆشەویستی خۆش دەوێ و لە نێوان ئەوەی کچێکی دیکە وەك هاوسەر هەڵدەبژێری)
- (هەڤاڵ جەلال)ی تەمەن ٢٧ساڵە کە ئەو قسانە دەکات دەشڵێت: ئەو قسانەم بە مانای ئەوە نییە کەنابێ هاوسەری خۆت خۆش بوێ یان لە رێگەی خۆشەویستییەوە هەڵیبژێری بەڵکو مەبەستمە بڵێم پەیوەندی خۆشەویستی و هاوسەرگیری دوو شتی جیاوازن،مەرج نییە ئەو هاوسەرگیرییەی لە رێگای خۆشەویستییەوە لەدایك دەبێ سەرکەوتووتر بێ لەوی دیکە،(هەڤاڵ)کە دوو مانگە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە ئەوەشی گوت:من کچێکم خۆشدەویست خۆشەویستییەکی لەرادەبەدەر بەڵام لەمیانی هەڵسوکەوت و قسەکردندا بۆم دەرکەوت ئەو کچە کچێکە وەك بڵێی خودا بۆ خۆشەویستی خوڵقاندووە نەك بۆ ئەوەی ببێتە دایکی منداڵەکانم،هەر بۆیە کچێکی دیکەم کردە هاوسەرم و ئێستا زۆر ئاسوودەم.
- (هۆشەنگ عەبدولواحید)ی فەرمانبەریش پێی وایە هۆکاری ئەمە پەیوەستە بە بارودۆخی گەنج لەنێو کۆمەڵدا، توانای ئابووری رۆڵێکی گەورەی هەیە لەو پرسەدا،مەرج نیە هەمووکات پاشگەزبوونەوەی کوڕەکە بەهۆی ئەوەوە بێ، بێکاری و مارەیی زۆر رۆڵی بەرچاویان هەیە،لەهەمان کاتدا (هۆشەنگ )ئاماژەی بەوەش دا کە کوڕانێك هەن وەك ئارەزوو حەز لەو یارییە دەکەن و هەر چەند مانگێك لەگەڵ کچێکن، ئەوان لەو پەیوەندییە جەستەی کچەکەیان گەرەکە نەك دڵی.
- بەبڕوای (محەمەد عوسمان)ی بازرگانیش دەستنیشان کردنی هاوسەری ژیان لای پیاوان بڕیارێکی عەقلانییەو بە پێچەوانەوەش لای ئافرەت بڕیارێکی عاتیفییە،بۆیە وەك (محەمەد )دەڵێت:پیاو بەتایبەت لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا زیاد لە پێویست بیر دەکاتەوە کە کێ بکات بە هاوسەری، گەر کچێکیشی دەستنیشان کرد تەواو لە کەسایەتی و رابردووی دەکۆڵێتەوە، هەر بەبڕوای (محەمەد ) کاتێك کوڕێك بە خۆشەویستەکەی دەڵێت ناتوانم بتکەمە هاوسەرم ئەوە رستەیەکی زۆر ناخۆش و نەویستراوە لای کچەکە، بەڵام کوڕانی ئەم رۆژگارەش بێ سڵ کردنەوە بەکاریدەهێنن،چونکە مەبەستیان لە خۆشەویستی تەسلیەو رابواردنە نەك هەڵبژاردنی هاوسەر، پێویستە کچان هۆشیار بن.
- بۆ هەڵسەنگاندنی رووە کۆمەڵایەتی و فاکتەرەکانی ئەم بابەتە (هاوناز عومەر)ی کۆمەڵناس دەڵێت:راستە خۆشەویستی وەك چەمکێك، پرۆسەیەکی رۆحی بەدەرە لە هەموو پێودانگ و رێسایەك، بەڵام مومارەسەکردنی لە کۆمەڵگەیەك بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت،لە رۆژئاوا ئاساییە مرۆڤ خۆشەویستی تەنیا لەپێناو خۆشەویستی بکات، بەڵام لای ئێمە نەخێر دەبێ پەیوەندی خۆشەویستی بۆ ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو بێ کە ئەویش زەواجە،چونکە تا ئێستاش زۆرێك لە تاکەکانی ئێمە رەوایی بەو پرۆسەیە نادەن چ جای ئەوەی گەر بێتو مەبەستی هاوسەرگیری تێدا نەبێ،سەبارەت بە هۆکارەکانیش (هاوناز)پێی وابوو فرتوفێڵ و رابواردن لەگەڵ کچان هەروەها نەبوونی زەمینە سازی لەبەردەم گەنجان بۆ بیرکردنەوەی جدی لەو پرۆسەیە، هۆکارگەلێکن ناکرێ فەرامۆش بکرێن،دواجار گوتی:بەڕای من پێویستە کچان سەد جار بیر بکەنەوە ئینجا بڕیاری بەستنی پەیوەندی بدەن گەر ئامانج تێیدا هاوسەربوون نەبوو چونکە بەو کارە داهاتووی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە.

●●●
**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: فرت و فێڵ و رابواردن لەگەڵ نەبوونی زەمینەسازی لەبەردەم گەنجان بۆ ژن هێنان،هۆکارگەلێکن پێویستە لەبەر چاو بگیرێن**
●●●

●●●
**بەشی زۆری پەیوەندییە خۆشەویستییەکانی ئەو رۆژگارە سروشتی سێکس و کات بەسەر بردنیان بەسەردا زاڵە**
●●●





■ دەشێ هەریەك لەئێمە بەشێوەیەك لە شێوەكان ئەزموونی خۆشەویستی و سۆزداری كردبێت، بەڵام رەنگە هەریەكەمان بەجۆرێكی جیاواز تاقیمان كردبێتەوە.. لەراستیدا خۆشەویستی كەهەستێكی مرۆڤانەی تایبەتە، بەشێوەیەكی گشتی مرۆڤ بەهەردوو رەگەزەكەیەوە هاوبەشن لەو هەستە، بەڵام گریمانی ئەوەش هەیە ئافرەت و پیاو، لەتایبەتمەندی و وردەكارییەكانی خۆشەویستی

**سەرەتا (عەلی ئەكرەم) بەگەرم و گوڕییەوە داكۆكی لە پیاو كرد و پیاوی بەتاكە شۆرە سواری خۆشەویستی و دڵسۆزی ناوزەد كرد و گوتی:** بەبڕوای من پیاوەكە سەرمەشقی خۆشەویستی وئەڤین و دڵدارییە بگرە تاكە شۆڕەسواری ئەو مەیدانەیە، ئەوەم لێ بە زێدەڕۆیی و لایەنگیری كۆێرەوەرانەی پیاو لێمەگرن، بەڵام ئەوەندەی من هەستم پێكردبێت دەبینین پیاو، بەلانی كەم لە كۆمەڵی ئێمەدا، یەكەم كەسە كە لە خۆشەویستی بۆ كچێك یا ئافرەتێك دەستپێشخەرە و دەتوانین بڵێین سەرەڕۆیش دەكات.. هەتا كچێك بەكوڕێك دەڵێ خۆشم دەوێی، ملیۆنێك كوڕ ئەو وشە ئاگرینەیان بۆ كچان دركاندووە و رەنگە سێ بەشیان نائومێد كرابن، بۆیە كوڕ (پیاو) دڵسۆزتر و وەفادارترە لەخۆشەویستیدا بەبەراورد لەگەڵ رەگەزی مێ، ئەوەم پێ راست نییە كە گوایە دڵی پیاو وەكو هوتێلێك وایە هەمیشە دەرگای لەسەر پشتە بۆ هەموو كچێك و ئافرەتێك.. ئینجا بۆچی راست بێت !! نەخێر پیاو كە حەز لە ئافرەتێك بكات بەدڵسۆزو راستگۆییەكی زۆرەوە خۆشی دەوێت و هیچ خیانەتێكی لێناكات، تەماشای ئەو هەموو شاعیرە پیاوە بكە لەكۆمەڵی ئێمەدا، بزانە رێژەی شاعیری پیاو زۆرترە یان ئافرەت، سەیری ئەو ژمارە و رێژە زۆرەی نووسەر و رۆماننووس و مۆسیقاژەن و گۆرانی بێژ و هونەرمەندانە بكە، كە هەمووی پیاون و ئافرەتیش لەباشترین حاڵەتە دا سەدی دە تێپەڕ ناكەن. ئایا ئەو بوارانە مرۆڤی هەست ناسك و عاشق و ئەڤیندار و سۆزداری ناوێت؟ ئەی ئەمە مانای وانییە پیاو سۆزدارتر و دڵناسكتر و عاشقترە؟ ئەگەر كوڕێكی گەنج لەقۆناغی هەرزەكاری و گەنجیدا لەیەككاتدا زیاتر لە كچێكی خۆشویستبێت، خۆكچ زیاترە. زۆر برادەرم هەبوو دنیایەك موعاناتی هەبووە لەبەر ئەوەی كچەكە وازی لێهێناوە و دڵی خۆی بۆكوڕێكی تر كردۆتەوە. بەبیرم دێت برادەرێكم، یادی بەخێر بێت، لەحەژمەت و حەسرەتی ئەوەی كە ئەو كچەی كەخۆشی دەویست، بەجێی هێشت، رۆژێك لەكونجی ژوورەكەی پەتی سێدارەی بۆخۆی هەڵخست و نەیهێشت كەس بەفریای بگات، خۆی خنكاند.. ئیتر لە ئەزموونی ژیانی خۆمەوە گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی كەپیاو بەڕاستی وەفادارترە لە خۆشەویستی وەك لە ئافرەت. ئەگەرچی ئەم قسەیەشم بەهیچ شێوەیەك مانای ئەوە نییە كە هەموو ئافرەتان دڵسۆزو وەفادار نینیە لەخۆشەویستیدا..

**خاتوو (دڵڤین رەشاد) بێژەری تەلەفزیۆن، لەوبڕوایەدایە،** كەهەستی خۆشەویستی هەستێكی مرۆڤانەیەو شتێكە تەنها خودی مرۆڤ بەو قوڵی و بەرزییەوە تاقی دەكاتەوە، ئەمەش شتێكی زۆر شەخسییە و لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت ، بۆیە پەیوەندی بەوەوە نییە داخۆئەوە كچە یان كوڕە یاپیاوە یان ئافرەت. زۆر پیاو هەیەو هەبووە كە خۆشەویستی بە ویستگەیەكی سەفەركردن تێدەگات، لەهەر شوێنێك وەستا، رێكەوتی هەركەسێكی كرد و خۆشی ویست، ئیدی خۆشی دەوێت، ئینجا بانزیكەی بیست كەسی خۆش بوێت، بەهەمان شێوە بۆ ئافرەتیش هەر راستە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی هەردوو رەگەز لە خۆشەویستی، لەوبڕوایەدام



# ڕاستە دڵی پیاو هۆتێلە هەمووکات دەرگــــەی کراوەیە بۆزیاتر لە خۆشەویستییەک؟

***لە هەندێ شتدا هەڵوێستیان لەمەڕ چۆنیەتی ئەنجامدانی خۆشەویستی و ڕادەی ئەو خۆشەویستییە بەرامبەر بەکەسێك یا زیاتر، جیاواز بێت، ئینجا پرسیاری سەرەکی ئەم ڕیپۆرتاژە ئەوەیە ئایا ئافرەت و پیاو کامیان لە خۆشەویستیدا وەفادارتر و دڵسۆزترن؟ ئایا ڕاستە پیاو وەکو هۆتێلێك وایە هەمیشە دەرگای بۆخۆشەویستی چەندین ئافرەت لە یەك کاتدا واڵایە ئافرەتیش تەنها یەك پیاوی خۆشدەوێت؟***

ئەگەر پیاوێك و ئافرەتێك یەکتریان خۆشویست، ئیدی گەر هەر یەکێکیان یەکێکی تریشی خۆش ویست ئەوە ئەوپەڕی نادڵسۆزي و ناوەفاداری و خیانەتە، واتە نەخۆشەویستییە و نە هیچ، چونکە دڵی مرۆڤ تەنها جێگای یەك کەسی لێدەبێتەوە و بەس ،هەرلێکدانەوە و تەفسیرێکیش بۆئەمە جگە لە پاساوێك زیاتر هیچی تر نییە.

**کەچی خاتوو(ئەژین) لەو باوەڕەدایە کەژن وەکو پیاو نییە، ئەو ئافرەتی پێ دڵسۆزتر و بەوەفاترە لەپیاو دەڵێ:** ئەگەر پیاوێك توانی بچێتە ناو دڵی ژنەکەی و بۆی سەلماند کە خۆشی دەوێ، ئیدی ئەو ژنە هەمیشە و هەتاهەتایە دڵسۆز و خۆشەویستی ڕاستەقینەی ئەو پیاوە دەبێ، ئەمە بەمانای کۆیلەبوونی ژن نایەت، بەڵکو بەمانای بەرجەستەکردنی ئەو پەڕی وەفاو ئەڤینداری دێت، لەو بڕوایەدام سەبارەت بەکچیش هەروایە، کچ لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئەگەر کوڕێك بە شێوەیەکی ڕاستگۆ و ڕاستەقینە خۆشی بوێت و ئەویش ڕەفتار و ئاکار و خەسڵەتەکانی کوڕەکەی بەدڵ بێت بۆ هەمیشە ئەو کوڕەی خۆشدەوێت، خۆشەویستییەکی دڵسۆزانە و پاك و بێگەرد، بەڵام هەمیشە کوڕەکە زیاد لەکچێك لە ناوفکر و هۆشیەتی. لێرە بەکچەکە دەڵێ خۆشم دەوێی، لەولا هەمان قسە بەفروفێڵی زیاتریشەوە بە کچێك و هی دیکەش دەڵێ.. بێ هۆنییە کە گوتیانە کوڕان هەمیشە (بەشێوەیەکی گشتی ) چاولەدەرن و مانای خۆشەویستی حەقیقی نازانن..

**ئەوەی دەڵێ کە کوڕ، بەگشتی زیاد لەکچێکیان خۆشدەوێت و چۆن بەوکچە دەڵێ خۆشم دەوێی و بۆت دەسووتێم، بەهەمان شێوە بەیەکێکی تریش هەمان قسە دەڵێ و پێشی شەرم نییە، بەلای (سەرکەوت قەساب) قسەیەکە زێدەڕۆیی تێدایە،** سەرکەوت دەڵێ: ئەوە سێیەمین ساڵە کچێکم خۆشدەوێت، چەند جارێکیش چوومەتە خوازبێنی ئەو کچە، کەچی خێزانەکەیان هەر جارەی بەبڕو بیانوویەکی بێ ماناو و بەپاساوی هیچەوە ڕەفزم دەدەنێ، تێناگەن کە کچەکەیان منی قبوڵ بێت، ئیدی ڕەفزکردنی ئەوان چ قیمەتێکی هەیە، هەرجارێك لەگەڵ کچە قسە دەکەم هەمان هەست و سۆز و عەشقم بۆی هەیە و، تۆزقاڵێك هەڵوێستی خێزانەکەیان ساردی نەکردوومەتەوە و پابەندم بەو بەڵێنەی کە بەو کچەم داوە، لەکاتێکدا مامێکم هەیە چوار کچی هەیە و هەمووشیان لەوپەڕی جوانی و ئاکاری بەرزدان، هەموویان خاوەن بڕوانامەی زانکۆن، چەندین جار پێیگوتووم، کام کچت دەوێ و ڕات لەکامیانە، کامیان تۆی دەوێ، ئامادەم پێشکەشتی بکەم.

بەڵام من بەوپەڕی ڕێزەوە خۆشەویستی خۆم بۆ ئەو کچە دووپات کردۆتەوە، جامن لەو ئەزموونەی خۆمەوە وای دەبینم کە پیاو بەڕاستی مرۆڤێکی زۆر دڵسۆزە لە خۆشەویستی، دڵی ئەو نەهۆتێلەو نەدوکانە تاوەکو زیاتر لەکڕیارێك جێگەی تێیدا بێتەوە. بۆیە پێم ڕاست نییە پیاو بەو تۆمەتە تۆمەتبار بکرێت. ئەو گەنجە یان ئەو پیاوەی ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتەش دەکات ئەو، خۆشەویستی نییە بەڵکە شتێکی منداڵ کارانە و هەرزەکارانەیەو هیچی تر..